قائیمقامیەتی سلەمانی: بەبۆنەی جژنی رەمزانەوە بۆ شەو و رۆژ چاودێریی بازاڕ دەکەین



قائیمقایەتی سلەمانی رایدەگەیەنێت، بەبۆنەی جژنی رەمزانەوە چاودێریی بازاڕ دەکەن و دەشێت، "دەبێت لە رۆژانی جژن رستۆرانت و میوانخانە و مەیکان بە رووی گشتیاراندا کراوەبن".

قائیمقامیەتی سلەمانی لە راگەیەندراوەکدا باویکردوە، بەمبەستی ئامادەکاری بۆ رۆژانی جژن، ئەمڕۆ 2ی نیسانی 2024 کۆبوونەوەیەک لە دیوانی قائیمقامیەت بەڕێوەچوو، ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلەمانی رایگەیاند، لە رۆژانی پێش جژن قەرەباڵغیی زیاتر روو لە بازاڕەکان دەکات بۆ کڕینی پێداویستییەکان، هەربۆیە لیژنە هاوبەشەکانی و تیمی لایەنە پەیوەندیدارەکان بوردی چاودێریی کوالێتی و نرخی خواردن و پێداویستییەکان دەکەن و ئەرکی هەڵە ئەمنییەکان و شارەوانی زیاتر دەبێت.

ئاوات محەمەد قائیمقامی سلەمانی ئاماژە بۆش دەکات، لەگەڵ ئەوەی رێگری لە کار و بازاڕی کەس ناکەین، پێویستە دوکاندا و دەستگەکانیش ئاستەنگی هاتوچۆ بۆ هاوڵاتیان و شەقامەکان دروستنەکەن، بۆپێچەوانەوە ناچار بگرتنبەری ڕێکاری یاسایی دەبین.

لە راگەیەندراوەکەی قائیمقامیەتی سلەمانیدا هاتووە، قائیمقامی سلەمانی، لیژنە هاوبەشەکان و بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری بازرگانی راسپارد ئەم چەند رۆژەی نزیکی جۆژنی رەمەزان سەردانەکانیان بۆ ڕۆژان و شەوان بۆ بازاڕ و دوکان و شوێنە گشتییەکان زیاتربکەن.

پەیوەست بە گەشتیاران و ئامادەکارییەکان بۆ پشوازیکردن لێیان، لە کۆبوونەوەکەی قائیمقامیەتی سلەمانیدا باس لەوە کراوە، "دەبێت تەواوی میوانخانەو چێشتخانەو نانەواخانەو مەیدانەکان لە ڕۆژانی جۆژندا کراوەبن".